خوێن گواستنەوە

(Blood Transfusion)

دکتۆر عادل حسین عبدالله

لەشی مرۆڤ نزیکەی (٥-٦) لیتر خوێنی تێدایە ، ئەم خوێنە کە خواردەمەنی‌و گازی ئۆکسجین ئەگەیەنێ بەگشت خانەو ئەندامەکانی لەش ئەگەر هاتوو کەم بووەوە ئایا لەبەر خوێن‌بەربوون یان کەم‌خوێنی بێ ئەوا کارێکی خراپ‌و راستەوخۆ ئەکاتە سەر لەش بەتایبەتی مێشك‌و کۆئەندامە زیندەکانی‌تر ، لەوانەشە ببێتە هۆی مردن ئەگەر زوو خوێن نەگواسترایەوە بۆ لەشی نەخۆش .

قەوارەی خوێنی کەم‌بوو یان وون‌بوو راستەوخۆ دەگونجێ لەگەڵ مەترسی مردن یان بێ‌هۆش‌بوون ، وون‌بوونی قەوارەیەکی زۆر خوێن رێژەی مەترسی زۆر بەرز ئەکاتەوە .

ئەو خوێنەی بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنرێ لە لەشی مرۆڤێکی ساغ وەرئەگیرێ (ئەکێشرێ) ، هەر چەندە ئەتوانرێ خوێن لە لەشی مرۆڤێکی تازە مردووش بکێشرێ بەڵام پەسند نی‌یە لەم ساتەدا .

کێ ئەتوانێ خوێن ببەخشێ ؟

بێ‌گومان هەر کەسێك ناتوانێ خوێن ببەخشێ ، ئەو کەسەی کە هەڵئەبژێرێ بۆ خوێن بەخشین ئەبێ لەشی ساغ‌و دروست بێ‌و رێژەی هیمۆگلۆبینی خوێنی کەمتر نەبێ لە (٨٠٪ - ٨٥٪) ، وە نابێ هیچ نەخۆشیەکی درمی (Infectious diseases) هەبێ . هەروەها ئەو کەسەی خوێن ئەدات نابێ هیچ یەکێك لەم نەخۆشیانەشی هەبێ وەکو :-

لەرزوتا (مەلاریا) - سیفلس (Syphilis) - بەرزبوونەوەی تەوژمی خوێن (Hypertension) - هەوکردنی جگەر (Hepatitis) .

چۆنیەتی خوێن کێشان‌و گواستنەوەی

ئەو کەسەی خوێن ئەبەخشێ ئەبێ لەسەر پشت پاڵ کەوێ بەرێگای دەرزی خوێنهێنەر خوێنی لێ ئەکێشرێ بەمەرجێك قەوارەی ئەم خوێنە زیاتر لە نیو لیتر (٥٠٠سم³) .

پاش خوێن کێشان ئەو کەسە ئەبێ بۆ ماوەی (١٥) دەقیقە پاڵ کەوتوو بێ‌و پەرداغێك شلەش بخواتەوە ئینجا هەڵسێ . ئینجا جۆری ئەم خوێنە دیار ئەکرێ لە تاقیگەدا کە ئەبێ لە هەمان جۆری خوێنی نەخۆش بێ ، پاشان ئەو خوێنە بەرێگای

خوێنهێنەری بازوو ئەدرێتە نەخۆش بەهێواشی وە واچاکترە کە .ڕووی چەپی نەخۆش بەکاربهێنرێ بۆ ئەم مەبەستە وە لەژێر چاودێری پزیشك .

پێویستی خوێن گواستنەوە

خوێن گواستنەوە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی هەر نەخۆشیەك کە ئەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قەوارەی خوێن یان یەکێك لە بەشەکانی خوێن وەکو :- خڕۆکە سوورەکانی خوێن (RBC - خڕۆکە سپیەکانی خوێن (WBC) - پلازما (Plasma) - پرۆتینی خوێن - کاریگەرەکانی مەیینی خوێن . هەندێك جار نەخۆش ڕزگاری ئەبێ لە مردن ئەگەر پێویستی بە خوێن بوو وە زوو بۆی گواسترایەوە .

ئەو نەخۆشیانەی پێویستیان بە خوێن گواستنەوە هەیە بریتین لە :-

١ - خوێن بەربوون (Bleeding) : هەروەکو ڕووئەدات لەکاتی برینداربوونو کارەساتو شکانی ئێسقان بەهۆی هێزێکی دەرەکی .

٢ - کەمخوێنی (فقر الدم (Anaemia : کە ئەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی (ژمارەی) خڕۆکە سوورەکانی خوێن کەمتر لە ڕێژەی ئاسایی .

٣ - کەم بوونەوەی ژمارەی پلێتەکانی خوێن (اقراص الدم) (Thrombocy topenia)کە لەگەڵێك نەخۆشیدا بەدی ئەکرێ ، هەروەها گەلێك دەرمانیش ئەبنە هۆی ئەم نەخۆشیە .

٤ - کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی پلازمای خوێن کە بەدی ئەکرێ لەکاتی سووتان ، بەتایبەتی پلەی یەکەمو پلەی دووەمی سووتان .

٥ - لوە پیسەی خوێن (سرطان الدم Leukuemia) کە ئەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی خڕۆکە سپیەکانی خوێنو کەم بوونەوەی ڕێژەی خڕۆکە سوورەکانو پلێتەکانی خوێن .

٦ - هیمۆفیلیا (Haemophelia) کە بریتیە لە خوێن بەربوون لەبەر کەمبوونەوەی چەند کاریگەرێکی مەیینی خوێن (Clotting Factors) .

٧ - چەند نەخۆشیەکی گورچیلە کە ئەبنە هۆی زیاد دەردانی پرۆتینی خوێن لە میزدا بە تایبەتی ئەلبۆمین (Albumin کە ڕێژەکەی کەم ئەبێتەوە لە خوێندا .

مەترسیەکانی خوێن گواستنەوە

گەلێك تەنگەو چەڵەمە لە ئەنجامی خوێن گواستنەوەدا پەیدا ئەبن لە نەخۆشدا کە هەندێکیان سادەو هەندێکیشیان ترسناکن . لە تەنگەو چەڵەمە سادەکان وەکو :- هەست کردن بە سەرما - بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی خوێن (Hyperthermia) - ڕەنگ زەردبوونێکی سادە (زەرتکێکی سادە) (Mild Jaundice) .

هەندێ جار تەنگەو چەڵەمەی گەورەو ترسناك پەیدا ئەبن لە پاش خوێن گواستنەوەدا بە تایبەتی ئەگەر هاتوو کۆمەڵە خوێنی (صنف الدم) هەردوو خوێنبەخشو نەخۆشی جیابوون واتە بە هەڵە خوێن بدرێ بە نەخۆشیو لەوانەشە مردن ڕووبدات ئەگەر زوو نەخۆش فریای نەکەوێت .

مەرج نی یە کە تەنگ و چەڵەمە ڕوو بدات لە ئەنجامی لەیەك نەچوونی کۆمەڵەکانی خوێن . گەلێك جار کۆمەڵەی خوێنی نەخۆش و خوێنبەخش (متبرع) لە یەك شێوەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە زۆر گیروگرفت بێنەرێ کە لە خوارەوەدا یەکە یەکە باس ئەکرێن :-

١ - هەستیاری (Allergy) :

گەلێ جار نەخۆش پاش خوێن وەرگرتن ڕەنگی سوور هەڵئەگەرێ و گشت لەشی ئەخورێ و هەناسەی تەنگ ئەبێ و هەست ئەکا بە سەرئێشە (ژانەسەر) و لای وایە ئەخنکێ . پاشان لەرزوتاش ئەیگرێ وە لەوانەشە بێهۆش بێ و بمرێ بەتایبەتی ئەگەر کۆمەڵەی خوێنی نەخۆش و خوێنبەخش جیابوون واتە بە هەڵە خوێنی پێ درابێ .

لێرەدا نەخۆشی ئەبێ پەکجلو زوو چارەسەر بکرێ ئەگینا ژیانی ئەکەوێتە مەترسی یەوەو لەمردن زۆر نزیك ئەبێتەوە .

٢ - لەکارکەوتنی دڵ (عجز القلب Heart Failure)

لەکارکەوتنی دڵ هەندێ جار ڕووئەدات لەبەر زیادبوونی قەوارەی خوێنی نەخۆش لە ئەنجامی خوێن گواستنەوە بە پەلە بۆ لەشی نەخۆش . بۆیە وا چاکترە کە خوێن بە هێواشی و لەسەرخۆ بدرێ بە نەخۆش تاکو دوچاری ئەم جۆرە گیروگرفتە نەبێ .

٣ - زیاد بوونی ڕێژەی پۆتاسیۆم لە خوێندا (Hyperkalemia) : ئەمەش ڕووئەدات ئەگەر هاتوو خوێنی کۆن (خوێنی هەڵگیراو) بدرێ بە نەخۆش واتە کاتێکی دیاری کراوی بەسەر کێشانی دا تێپەڕبووبێ . ئەمەش ترسناك ئەبێ ئەگەر هاتوو نەخۆش چەند ناتەواویەکی هەبێ لە گورچیلەدا .

٤ هەوکردن (Infection)

هەوکردن بە میکرۆبی مەلاریا - سیفلس - وە میکرۆبی هەوکردنی جگەر گەلێك جار لەگەڵ خوێن ئەگوازرێتەوە بۆ نەخۆش ئەگەر هاتوو خوێنبەخش بەکتریا یان ڤایرۆسی لە خوێندا هەبوو . وەنەخۆشی دووچاری هەوکردن ئەبێ .

٥ - کەمبوونەوەی ڕێژەی کالسیۆم لە خوێندا

(Hypocalcemia) : ئەمەش زۆر جار بەدی ئەکرێ بەتایبەتی لەو نەخۆشانەی زۆر جار خوێنیان بۆ ئەگوازرێتەوە . بەڵام زۆر ترسناك نیە بۆ نەخۆشی .

٦ - تێکچوونی باری گورچیلە :

پاش خوێن گواستنەوە بۆ نەخۆش کە خۆی ناتەواوی هەبێ لە گورچیلەدا . ئەوا گورچیلەکانی زیاتر تێك ئەچن و ئەشێوێن .

تاقت کردنی خوێن

خوێن بەپێی توانا ئەبێ ڕاستەوخۆ پاش کێشانی بە تازەیی بدرێ بە نەخۆش . بەڵام لەبەر چەند بەرژەوەندیەك خوێن پێویستە تاقت بکرێ و هەڵبگیرێ تا کاتی پێویست .

خوێن ئەتوانرێ تاقت بکرێ بۆماوەی (٢٠) ڕۆژ پاش کێشانی چونکە خڕۆکە سوورەکانی خوێن پاش تێپەڕبوونی (٢١) ڕۆژ تێك ئەشکێن و ئەمرن و ئەو خوێنە سوودی گواستنەوەی نامێنی .

خوێن ئەبێ تاقت بکرێ لە ناو بەفرگردا (ثلاجة) لە پلەی گەرمی (٤س)ە وە نابێ ببەستێ لە ردیا . خوێن بەگۆڕانی پلەی گەرمی و تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بەسەر کێشانیدا دوچاری زۆر گۆڕان ئەبێ وەکو :- شی بوونەوەی خوێن (Hemolysis) - مردنی خڕۆکە سوورەکانی خوێن - زیاد بوونی ڕێژەی پوتاسیۆم - تێك شکانی پلێتەکانی خوێن (Thrombocytolysis) - لە ناوچوونی خڕۆکە سپیەکانی خوێن - جگە لەمانەش خوێنی کۆن نەخۆش زیاتر دوچاری هەوکردنی جیا جیا لە لەشدا ئەکات بەتایبەتی هەوکردنی ڤایرۆسی .

سەرچاوەکان

1 - Davidson . 1980.

2 - Clinical Hematology. K. S. willton 1983.

3 - Merck. Hematology chapter. 1978.

4 - Hanbox's Manual of Hematology 1981.